# چەژنی منداڵان یان چەژنی ئەوانەی بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن .؟؟؟؟

رزگار کۆچەر
rzgarkochar@hotmail.com

لەدووەم برگەی کۆنگرەی باڵای جیهانی لە پێناو منداڵان کە لە 30 ئیلولی 1990دا لە نیۆرك بەسترا , هاتووە کە منداڵان پاك ولاوازن , کەم توانان و پشت بەکەسانی تر دەبەستن هەر وەها حەزی زانیاری وەرگرتن و بەئاگابوونیان تێدایە , بۆ دەوروبەرەکانیان چالاکن و پر هیوان مافی ئەوەیان لەسەرمانە و پێویستە ئەو ئامرازانەیان بۆ فەرهام بکەین هەتا جێژ لە کاتەکانیان وەربگرن بۆ ئەوەی لە کەشێکی پر ئاشتی و خۆشیدا ژیانی رۆژانەیان دوور لە کاری گران و چاو لێسورکردنەوە بگوزەرێنن , هەرواها هەڵی گونجاویان بۆ برخسێنین بۆ یاری کردن و پارمەتیان بدەین بۆ پێگەیاندن لە رێگای فرەوانکردنی حەز و ئارەزوو  هەستەکانیانەوە بە شارەزەیە نوێیەکان بۆ منداڵان فەرهەم بکەین , بێجگە لەم دان پێدانە 36 برگەی تر وەك دروشم بریاری لەسەر دراوەو بۆ پاراستن وگەشە پێدانی منداڵان , جا لە کوردستانی خۆمان هەموو ساڵێك رێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان بێجگە لەم درووشمانە کە بەداخەوە هەندێکیان لە هۆڵەکان بە هەڵە دەنووسنەووە چەندین بریارو راسپاردەی تر وەك دروشم بەکار دەهێنن و هەندێك رێکخراو لە پاڵ دیاری بەخشین و پرووپاگندە بۆ رێکخراوەکانیان دیاری بەسەر منداڵان دەکەنە دەستپێکی یەکەم چالاکیەکانیان کە زۆرجار هاو ئارەزوو نابێت لەگەڵ حەزی منداڵان , بۆ نموونە هەندێ جار دیاری کورانە دەبەخشنە کچەکان و بە پێچەوانەوەش.... یان زۆر جار هەندێ لەم رێکخراوانە تەنها لەم رۆژە دەرگاکانیان دەخەنە سەرپشت بۆ منداڵان , ئەوانیش وەك رێکخرەوەکانی ژنان وئافرەتانیان لێدێت کە تەنها لە 8 مارس بیریان دێتەوە ئەوان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان درووست کراوون.

وەك زانراوە ئێستا لە کوردستان زۆری وبۆری ئەم رێکخراوانە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت کە زۆربەیان بەرنامەی کاریان لیك دەچیت و کار بەم دروشمانە دەکەن کە بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی منداڵان نوسراوەتەوە  , کە زۆر بەداخەوە نەبوونی پلان و هاوکاری نەکردنی یەکتر یەکێك لەم گرفتانەیە کە تا ئیمرۆا ئەم رێکخراوانە نەیان توانیووە تا ئێستا خاوەن یەك ووتار بن بۆ خزمەتکردنی منالان کە ئێستا بەشێکی زۆری منداڵانی کورد لە ناهەموارترین رەوش ژیانی رۆژانەیان دەگوزەرێنن , لەپاڵ زۆر بوونی رێژەی واز هێنان لە خوێندن و کارکردن بەم منداڵانەی کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵین , ئینجا لە کۆتای دەکرێت بڵێن کاتی ئەوە ناهاتووە منداڵانیش رووی پرسیاریان لە ئێوە بەتایبەتی هەندێ لەم رێکخراوانە بکەن کە تەنها لە بۆنەوە موناسەباتەکان دەرگایان بۆ منداڵان لەسەر پشتە , تا پێتان بلێن چما ئێوەش خزمەتی ئێمە دەکەن ؟؟؟؟ گەر خزمەتمان دەکەن تکایە پێمان بڵێن مانگانە چەند بودجە لەم لاو لەم لا بەناوی ئێمەوە وەردەگرن  ؟؟